کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 5-7-2007 23:53

**75% ی موویەکیش لە بەراز بیێتەوە هەر باشە ... عبداللە بیبانی:**

ئەمرۆ کە کوردستان بە بارێکی ئابووری شێواودا دەروات کە گوایە بازاری ئازادە یان ئابووری بازارە کە زۆربەی زۆری رەش و رووتەکەی لای خۆمان لەو دوو رستەیە هەر ناگەین و نازانین واتای چییە بەلام ئەوەندە دەزانین کە گرانی تا بینە قاقای هاولاتی دەستی ناوەتە قورقوراگەی و لە هەر چرکەیەکدا بیخنکێنی ئەوا دەیخنکێنی. گرانیەکی وایە کە بە سەدان کێشەی کۆمەلایەتی وخێزانی لێکەوتۆنەوەو دەکەوێتەوە و هێشتاش هەر بارە ئابوورییەکە بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێت. با بگەڕێنەوە سەر ئەسڵی مەسەلەکە و ئەو پەندەی کە کردوومە بە ناونیشانی ئەم بابەتە ئەڵین کە گوایە 75% بوودجەی هەرێم بۆ مووچەیە ئەگەر ئەم قسەیە راست بێت پێش دەچێت راست بێت چونکە کەم مال هەیە کە مووچەخۆرێك یان زیاتری نەبێت ئیتر چ کەم یان زۆر ئەم بابەتی 75% لە سەر زمانی زۆر کەسەوە بیستمان هەر لە سەرۆکی هەرێمەوە تاکو رشید تاهیر ی بریکاری وزارەتی دارایی ئەوان راست دەکەن داهاتی هەرێم سی بەشی لە چار بەش بۆ مووچە دەروات بەلام چۆن مووچەیەك هەر لە مووچەی سوسیالی ولاتە کان دەچێت کە من و ئەمسالی من نەیانبینیوەو ناشیبنن چونکە ئەو مووچانە کە دەدرێت بەو ملیۆن فەرمانبەرە کە هیچ بەرهەمێکیان نییە جگە لە مشە خۆری نەبێت وەرن بابزانین بەرهەمی ئەو ملیونە چییە یەك کالا لەم ملیۆنە بەرهەم نایات یەك کارگەمان نییە هەموو فەرمانگاکانمان تەنهاو تەنها خزمەتگوزارن بەلام چۆن خزمەتگوزارێك کە نەسەری هەیە و نەکلك. لەمەوە تێدەگەین کە ئەو مووچانە وەکو یارمەتی دەدرێت نەك وەکو مووچەیەکی موستەحەق چونکە مووچەی موستحەق ئەوەیە ئەو کەسەی کە وەریدەگرێت دەبێت بەرهەمی یان خزمەتگوزارییەکەی لەوە زیاتر بێت کە وەریدەگرێت و ماوەکەشی دەچێتە سەر دەخلی نەتەوەیی کە کەس نازانێت لای ئێمە دەخلی قەومی یانی چی و دەچێتە گیرفانی کیوە و کیَ بۆمانی کۆدەکاتەوە و کە ئەوش پی ناچێت لە کوردستاندا بێت لەمەوە دەردەکەوێت کە ئابووری کوردستان ئابوورییەکی شیواو و (موستەنزەفە) واتا هەڵ لوشراوە نەك بەرهەمی لەناوەوە ئیستغلال ناکرێت بەلکو بە تالان دەبرێت دە با تەماشای ئەو هەموو کۆمپانیا تورکیانە بکەین کە ژمارەیان نزیکەی 4000 کۆمپانیایە لێرە کار دەکەن بەپیی ووتەکانی روژنامەیەکی جیهانی تاکو دەساڵ لە باج بەخشیندراون و ئەو قازانجەی دەستیان دەکەوێت سەرپاکی دەبەنەوە بۆ تورکیا کە ئەکەمەش هەل لوشینێکی ترسناکە کە سەرانی کورد راستەخۆ تیایدا بەرپرسن چونکە تەنها ئەوانن کە دەتوانن کۆمپانیا بیانییەکان بهێنن لە ژێر ناوی یاسای وەبەرهێنان تەحدا دەکەم کە کەس لەم وولاتەدا نازنێت ئەو دەزگایە چییەو سوودی بۆ هاولاتیان چییە لە گرانی بەولاوە نەبێت پاشان ئەو کۆمپانیایانە پاش تەواو بوونی کارەکانیان لە کۆنکریت بەولاوە هیچ کارگەیەك یان ئامێرێکی بەرهەمهێنەر لە کوردستاندا بە جی دەهێلن لەوشدا بروا ناکەم.

با بگەرێننەوە سەر مەسەلەی 75% داهاتەکە من لە لای خۆمەوە بە باشی دەزانم هەموو کەس مووچەی باشی هەبێت ئەوە نییە لە کویت و ئیمارات هەموو هاولاتیەك مووچەی خۆی هەیە هەر لەو ساتەی لە دایك دەبیت ئەوە نییە لە وولاتە ئەورووپییەکان مووچەی سوسیال هەیە بۆ ئەوانەی کە کاریان نییە تاوانی ئیمە چییە کە وولاتەکەمان پاش شانزە سال ئەو کارگانەی کە حکومەت سەدام بۆی بەجیهیشتین نەمانتوانی پەرەی پی بدەین یان هەرهیچ نەبێت بیانپاریزین تاوانی ئیمە چییە کە بەنداوی بیخمە بەتالان بفروشریت بە کومەلێك جاشك و جۆشك وئیمە بو پانزە سالی تریش بی کارەبا بین کە هیزی سەرەکی بەرهەمە. ئیمە تاوانمان چییە کە کۆمەڵگاکەمان لە کۆمەلگایەکی شارستانییەوە بچێت بۆ کومەلگایەکی عەشایەری و گوندایەتی هەر بۆ نموونە ئەوانەی کە لە هەشتاکاندا لە پایتەختی کوردستان بوون چاك هەست بەو گۆرانکارییە دەکەن کە شارەکە چ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

گۆرانکارییەکی کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و مرویی بە خویەوە بینیوە و چەند بەرەو دواوە گەراوەتەوە بەتایبەتی دوای سالی 1996 کە گرانیەکی هەست پیکراو دەستی پێکرد. بۆیە لیرەوە تکا لە نووسەران دەکەم کە چیتر باسی ئەو 75% نەکەن چونکە ئەو باسکردن ورەخنانە بوونە هۆی ئەوەی کە تعیینات بۆ دەرچوانی تازەی کولێج و پەیمانگەکان رابگیریت و لە وانەیە یاسای سەیرو سەمەرەش دەربچێت کە دلنیابین زەرەر مەندی یەکەم هاولاتی دەبیت..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.